

# سوپەرمارکێتەکان گران فرۆشن یان...

**ئا: شاناز محەمەد**

سلێمانی شارێکی بچوک و پڕ ئاپۆرایە، بەهۆی ئەمەیشەوە قەرەباڵغی زۆر لەسەر بازاڕو دووکانەکانی ئەم شارە دروستدەبێت. بەتایبەت لەدوای زۆربوونی ڕێژەی دانیشتوان و گەورەبوون و فراوانبونی شار لەڕووی بیناسازییەوە. لەلایەکیتریشەوە بەهۆی زیادبونی مووچەی کارمەندانی حکومی و وەرگرتنی لەوادەی خۆیدا ئەوەندەیتر بازارەکان چڕوپڕی بەخۆیانەوە دەبینن و لەکاتی وەرگرتنی موچەشدا هەر هاتنە بازاڕێک بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی خەڵکی چەند کاژێرێکی دەوێت. ئەمەش لەلایەک سیمای شارەکەی دزێوکردووە لەلایەکیش ئیزدیحامی بۆ پاس و ئۆتۆمبیلی بچوک دروستکردووە کە بەناو جەرگەی بازاڕی سلێمانیدا واتا شەقامی مەولەویدا تێپەڕدەبن. ئەم قەرەباڵغی بازاڕو دزێووبونەی سیمای شاری سلێمانی دوو هۆکاری لەپشتە یەکەمیان بچووکی بازاڕی سلێمانی و دوومیان نەبوونی بازاڕی تری لەشێوەی سوپرمارکێت و فرۆشگای تر کەبتوانن بەنرخی کەمتر لەبازاڕ یاخود لەئاست نرخی بازاڕەکاندا کاڵاو پێداویستی تر بۆ کڕیارو خەڵکی شار دابین کەن. بۆ ئەم مەبەستە ئەمجارە ڕیپۆرتاژێکی مەیدانی دەکەین و دەچینە لای فرۆشگاکانی بازاڕو دواتر سوپەرمارکێت و خەڵکی کڕیاریش تابزانین بەهەمووان کام چارەسەر دەدۆزینەوە.

**سوپەرمارکێتی ناز، خاوەنەکەی ڕزگار محمد فرەج:**

زۆرکەس دەڵێت نرخی شتومەک لە سوپەرمارکێتەکان بەرزە، بەڵام لەڕاستیدا وانیە. ئێمە وەک سوپەرمارکێتی (ناز) خۆمان شتەکان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دێنین، خۆمان نرخی لەسەر دادەنێین، ئەوە نیە لەبازاڕ بیکڕینەوە یاخود لەبازرگانێ تا قازانجی وەربگرین.

نرخەکانمان لەچاو بازاڕو سوپەرمارکێتەکانی تردا زۆر جیاوازەو کەمترە، زۆرکەس دێن نرخی بازاڕیان تاقی کردۆتەوە لای ئێمە شت دەکڕن. بە حوکمی ئەوەی بازاڕەکەمان تازەیەو نرخێکی وامان داناوە کە خەڵکی زۆر ڕوومان تێدەکەن. زۆربەی سوپەرمارکێتەکان دوورە دەستن، هاوڵاتیان ئەگەر سەیارەیان پێ نەبێ ناتوانن بچن، هەروەها دوورن لە بازاڕو ڕێی هاوڵاتیانەوە. خەڵک ناچارن بەزۆری رووبکەنە بازاڕەوە ئەگەر هەر شتێکمان بەدڵ نەبوو دەتوانن چەندین دوکان بکەن. یان خۆیان ئارەزوویان لێبێت لای بیکڕن بەگشتی ئەمڕۆ خەڵک بە دوای شتی هەرزان و جواندا دەگەڕێ، چونکە ئەمڕۆ سەردەمی جوانی و هەرزانییە.

سوپەرمارکێتی نێرگز، خاوەنەکەی/ ئەیوب حمە عەبدلقادر جیاوازی نرخی سوپەرمارکێت لەگەڵ بازاڕدا، زیاتر وەک یەکە یاخود کەمێک بەرزتربێ تێدا. نرخەکانی ئێرە چەسپاوە، بەکۆمپیوتەر دانراوە، ناتوانین بەرزو نرمی تیادا بکەین، یاخود خاتری خەڵک بگرین قەڵەباڵغی بازاڕ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە لە سلێمانیدا یەک بازاڕی هەمەجۆر هەیە، بە گشتی هەموو چینەکانی خەڵک ڕووی تێدەکەن. هەروەها زۆربەی سوپەرمارکێتەکان، دوورن لەڕێی هاتووچۆی هاوڵاتیانەوە.

هاوڵاتیان خۆیان ڕوو لە چەند شوێن و بازاڕێک بکەن، نرخەکان تاقی بکەنەوە تا شتومەکەکانیان بکڕن. هەرکەس بە پێی ئیمکانیەتی خۆی شتومەک بکڕێ، بەڵام ئەو شتومەکانەی لە سوپەرمارکێتەکاندا هەیە، دوورن کارتێکەری ساردی و گەرماوە بە زۆری تیشکی خۆر وەک لە بازاڕەکاندا هەیە. هەروەها ئەو شتومەکانەی وەک خۆراک و بابەتی ئارایشتەکان، ماوەی بەسەرچوونیان هات، یەکسەر فڕێ دەدرێن وەک بازاڕنین بە دزییەوە بفرۆشرێن.

پاش ڕا وەرگرتن لە سوپەرمارکێتەکان، لە بازاڕی شاری سلێمانی گفتوگۆمان لەگەڵ چەند خاوەن دوکانێکدا کرد.

سەبارەت بە قەڵەباڵغی بازاڕو بەرزی نرخی شتومەک، جیاوازی نرخەکان لە دوکانێکەوە بۆ دوکانێکی تر، هەروەها جیاوازی نرخەکان لەچاو سوپەرمارکێتەکاندا. دوکاندارەکان باس و لێدوانی خۆیان کرد:

**شوان عەلی، وشکەفرۆش:**

ئەو شتانەی ئێمە دەیفرۆشین وشکەیە، بەشێکی خۆراکی ڕۆژانەی خەڵکییە. هەرچەندە گران بێت هاوڵاتیان ناچارن بیکڕن، هەروەها وەزعی خەڵکی باش بووە، ئەمەش دەبێتەهۆی قەڵەباڵغی بازاڕ. زۆربەی شتەکان کە ئێمە دەیکڕین لە وڵاتی خۆماندا هەیە، وەک (گوێز، برنجی کوردی، هەنگوین، بەهارات و مێوژ) نرخەکان لای خۆمان دادەندرێن، بەرزی و نزمی پێدەکەین. جیاوازی نرخەکانی ئێمە لەگەڵ سوپەرمارکێتەکان زۆرە، بەڵام هەمان شتە کە ئێمەش و ئەوانیش دەیفرۆشین، بەڵام ئەوان لە شوێنێکی فراوان و ڕاقیدا، کەلوپەلەکانیان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش دادەنێن. خۆ دەبێ زیادەشی بخەنەسەر، جگەلەوە یەک نرخی دیاریکراویان داناوە هیچ کەمکردنی نییە.

**کاوە ئەحمەد، پۆشاک فرۆش:**

قەڵەباڵغی بازاڕ زیاتر خواستی خەڵکە لەسەر شتومەک و کاڵاکان. سەبارەت بە نرخەکان بە پێی جۆری کاڵاکەو مۆدێل لە دوکانێکەوە بۆ دوکانێکی تر دەگۆڕێت. ئەو پۆشاکانەی ئێمە دەیفرۆشین هەمان شتی لای سوپەرمارکێتەکانە، کە نرخێکی زیادیان خستۆتەسەرو ئەوان بە هیچ جۆرێک نرخ داناشکێنن. بۆیە زیاتر کڕیار ڕوو لە ئێمە دەکەن و نەوەک لەوان، لە دوکانەکان زیاتر سەرفیات هەیە وەک لە سوپەرمارکێتەکان.

**داود عەلی، کەمالیات فرۆش:**

قەڵەباڵغی بازاڕ زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ باش بوونی باری بژێوی خەڵک بە گشتی، هەموو دوکاندارەکان کاتێ ئەو کەلوپەلانە دەکڕن، لە بنەڕەتدا هەموومان بەیەک نرخ دەیکڕین، بەڵام لە دوکانێکەوە بۆ دوکانێکی دیکە یاخوود بەهۆی کرێی دوکان و زەرییەوە نرخەکان بەرزو نزم دەبنەوە. هەروەها زیاتر فێڵکردنی دوکاندارەکان و ریکلام کردنی بۆ شتومەکەکانی خۆیان ئەوەش دەیگۆڕێت. ئەو بابەتە جوانکاریانەی لای ئێمە هەیە، هەمان بابەتی لای سوپەرمارکێتەکانە، کە بە نرخێکی زیاتر دەیدەن بە کڕیارەکان. زۆربەی سوپەرمارکێتەکان لە چواردەوری شارن یاخوود، دوورن لەڕێی هاتووچۆی هاوڵاتیانەوە، کڕیاریان زۆر کەم بۆ دەچێ، ناچارن نرخی زیاتر دابنێن.

لەمیانەی چاوپێکەوتنەکانیاندا بۆمان دەردەکەوێ کە هەریەک لەخاوەن سوپەرمارکێتەکان و دوکاندارەکان پڕوپاگەندەی نرخی نرخو باشترین شتومەک بۆخۆیان دەکەن، بەڵام هەریەک لەو شتومەکانەی کە لە ناوەوەی وڵات بێ، یاخود لەدەرەوەی وڵات دەهێنرێ نرخێکی زۆرکەمی تێ دەچێ، بەڵام لە کوردستاندا بەهۆی کەمی لێپرسینەوەی حکومەت، لەبەرزونزمی نرخ و کەمتەرخەمی لەکارەکانیاندا، بەرانبەر بە بازرگانی و دوکاندارەکانەوە. بە گشتی خاوەن دوکان و سوپەرمارکێتەکان بە ئارەزووی خۆیان نرخ دادەنێن و یاری بە نرخ دەکەن، هیچ بیر لە خەڵکانی هەژارو نەدار ناکەنەوە. باشتروایە ئەو کەلوپەلانەی کە لەناوخۆدا بازرگانی پێوە دەکرێت، کەمترین نرخی لەسەر دابنرێت. چونکە هیچ تێچوون و کرێ و باجێک نایگرێتەوە. هەروەها ئەو کەلوپەلانەی کە لەدەرەوە دێنن، کاتێ دەفرۆشرێن زیاد لە نرخی خۆیان دەخرێتەسەری.

هەروەها زۆربەی ئەو شتومەکانەی کە لەدوکانەکاندا دەفرۆشرێن، بەسەردەچن، ماوەی دیاریکراویان تەواو دەبێ، بە تایبەتی خواردەمەنی و بابەتی ئارایشت، کە ئەمەش لەجیاتی سوودی هەبێت بۆ کەسی بەکارهێنەر زەرەری دەبێت. هەروەها دوکاندارەکان زۆربەی خواردنەکانیان بەسەر بەتاڵی لەسەر زەوی دادەنێن و کە ڕێگەی هاتووچۆی خەڵکی بەسەرەوەیەو تەپوتۆزو میکرۆب هەڵدەگرێ، ئەمەش زیان بە کڕیارەکان دەگەیەنێ، یاخود زۆربەی ئەو خواردەمەنیانەی لە دەرەوەی دوکانەکان دایدەنێن، زۆربەی کات تیشکی خۆری لێدەدات، بەهۆی گەرمیەکە بەشەخۆراکیەکەی لەناو دەچی، بەڵام سوپەرمارکێتەکان کەلوپەلە خۆراکییەکان زۆر لە جێگەی شیاو دادەنێن، کاتی بەسەرچوونیان زوو دیاری دەکرێ، لەناوی دەبەن. زۆربەی سوپەرمارکێتەکان نرخی شتومەکەکانیان زیاد لەنرخی بازاڕە، جگەلەوەی دوورە لە شارێی هاوڵاتیانەوە، هەروەها زۆربەی خەڵکی شار فەرمانبەرن، سوپەرماکێتەکان دوورن لەڕێی کاری ئەوانەوە، یاخود خەڵکی گەڕەکە هەژارەکان و خەڵکی کەم دەرامەت، کەم توانان ئەو جۆرە بازاڕانەیان نییە کە زۆربەی نرخەکانیان بەدۆلارەو یان جۆری کەلوپەلی تێدایە لەگەڵ ئەوان ناگونجێ.

ئایا حکومەت بێ ئاگایە لەم یاری کردنە بە نرخی شتومەکەکانەوە، یاخود دەسەڵاتێ نییە بەسەریاندا، یان لەبەر زەرییەکەی خۆیەتی واخۆی لێ بێدەنگ کردوون.

# پەیامی خەڵک

شارەوانی بەکرەجۆ تەنها دوو ئۆتۆمۆبیلی خۆڵیان هەیە بۆ هەموو گەڕەکی بەکرەجۆ. ئەگەر یەکێکیان بشکێت ئەوا نیوەی ماڵەکان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێک بێ بەش دەبن لە ڕشتنی خۆڵەکانیان.

**م. شیلان**

بەڕێوەبەری کارگەی بەردەکەی بازیان تانکی ئاوی کارگەکە کە تایبەتە بە کرێکارەکان. دەباتەوە بۆ خانووە تازەکەی، بەبێ ئەوەی گوێ بداتە کرێکارەکانی ناو کارگەکە.

**ئالان. ع**

پەنجا دیناری چاپی نوێ لە هەولێر کاری پێناکرێ و لە هیچ شوێنێک وەرناگیرێ، بالام لە شاری سلێمانی بە پێچەوانەی شاری هەولێرەوە کاری پێدەکرێ و ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ لێنەپرسینەوەی حکومەتی هەرێم لە نێوان ئەم دوو شارە.

**راز. خ**

لە بازگەی نێوان قوشتەپە - هەولێر پێناسەی کەسێتی (کۆپی) پەسند نییەو لە هیچ وڵاتیەک وەر ناگیرێ، بەڵام لە بازگەی تاسلوجە بە بێ هیچ گرفتێک پەسندەو لە وڵاتیان وەردەگیرێ. هۆی ئەم جیاوازییە دەگەڕێتەوە بۆ چی ئایا ئەمە بە بڕیاری کێ لە وێ پەسندەو لێرە پەسند نییە.

**فەرمان.**

# پێویستە کەسانی بەشدار لەتاوانکاریەکانی ئەنفال بهێندرێنە دادگە

وەکو لە پرۆسەی دادگەاییەکەدا تائێستا دەرکەوتووە، جگەلەوەی سکاڵاکەران تێکەڵوپێکەڵیان سەبارەت بە هێرشەکانی ئەنفال و کات و کیمیابارانی ساڵی ١٩٨٧ وە پێوەدیارە، سەبارەت بە پانتایی هێرشەکانی ئەنفال بە گونجاوی دابەش نەکراون. هاتنی سکاڵاکەران یەکلایەنەیە و تەنها خاوەن قوربانیانی کورد سکاڵایان لەسەر تاوانەکە هەیە.

بۆ زیاتر ئاشکراکردنی تاوانەکان، پێویستە:

- هێنانی سکاڵاکەری زیاتر بە پێی پانتایی شاڵاوەکانی ئەنفال، بۆ ئەوەی بەرفراوانی کارەساتەکە چاکتر دەرکەوێت. ناکرێ کارەساتێکی ئەوها گەورە بە ٦٠ سکاڵاکەر کۆتایی پێ بهێندرێت، لە کاتێکدا بە هەزاران سکاڵاکەر هەن.
- کەسانی بەشدار لە تاوانکاریەکانی پرۆسەی گەلکوژی ئەنفال، بە تایبەتی ئەوانەی ویستیان بۆ بەشداریکردن لە دادگادا هەیە، پێویستە بهێندرێنە دادگا و پەنجەلەسەر چۆنیەتی ئەنجامدانی تاوانەکان دابنێن و ڕوونیان بکەنەوە. پێویستە ئەو کەسانەی ئامادەییان هەیە، دەستیان بۆ درێژ بکرێت و یارمەتی هاتنیان بدریت.
- پێویستە ئەو کەسە بەشداربووانە بدۆزرێنەوە و کارئاسانیان بۆ بکرێت، وەکو مسۆگەرکردنی ئاسایش، خەرجی ڕێگاوبان و پێدانی یارمەتی دارایی بۆ ئەوەی بتواندرێ بهێندرێنە دادگا.
- پێویستە فرۆکەوانەکانی کە بەشداریان لە کیمیابارانی کوردستان کردووە، بهێندرێنە دادگا.
- پێویستە دەسەڵات هەموو هەوڵێک بۆ دۆزینەوەی تاوانباری ناسراو بە حەجاج بخاتەگەڕ، ئەوە لەسەر دەسەڵاتی کوردی و ئێراقی وەکو یەک ئەرکە.

ئەوانەی ئاماژەیان بۆکرا، جێبەجێکردنیان ئەرکی دەسەڵاتی کوردی و ئێراقی و دادگاکانن. ئەگەر کەسانی بەشداربووی تاوانکاریەکان لە ئاست و شوێن و کاتی جیادا نەهێندرێنە دادگا، جگەلەوەی ئاشکراکردنی ڕاستی و مەبەستی تاوانکاریەکە بە تەواوی نادرێتە دەست، بەلکو گومانیش دەخاتە سەر تەواوەتی بڕیاری کۆتایی دادگا.

# با سەربەستی بە یەکێتی جووتیاران و سەندیکای کرێکاران بدرێ

**جووتیارانی کوردستان !**
**کرێکارانی هێز و بازوو**

لای هەمووان ئاشکرایە کە لە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ەوە بەرەی کوردستانی جڵەوی دەستەڵاتی لە باشووری کوردستان گرتە دەست، لەیەکەمین هەنگاودا ڕێکخراوە پیشەییەکانی بەنوێنەرانی حزبەکان پڕکردەوە. ئەو شێوازی نوێنەرایەتی کردنە ئەگەر بۆ ئەوێ ڕۆژێ کارێکی ئاسایی بووبێ، ئەمڕۆ ڕەوایەتی خۆی لەدەست داوە، دەبێ ئەندامانی ئەو ڕێکخراوانە لە پرۆسەیەکی دیموکراتیانەی ئازاد دا نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن. هەندێک لەو ڕێکخراوە پیشەییانە کۆنگرەو کۆنفرانسی خۆیان پێکهێناوەو بەشێوەیەک لە شێوەکان نوێنەرانی خۆیان هەڵبژاردووە، بەڵام مەکتەبی تەنفیزی یەکێتی جووتیاران و سەندیکای کرێکارانی کوردستان لەوەتەی لەدوای ڕاپەڕین دروستکراونەتەوە لەسەر بنەمای نوێنەرانی حزبەکانی ناو بەرەی کوردستانی کاریان کردووە، ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی نزیکەی شازدە ساڵ بەسەر کاری ئەو ڕێکخراوانە، دوای دەیان ڕووداو و گۆڕانکاری، کەچی هێشتا یەکێتی جووتیاران و سەندیکای کرێکاران پێڕەو لە بڕیارەکانی بەرەی کوردستانی دەکەن و گۆڕانکاری لە پەیکەری بەڕێوەبردنی خۆیاندا ناکەن ، ئێمە لە کاتێکدا خەباتی ئەوان بەرز دەنرخێنین و هیوای سەرکەوتنیان بۆ دەخوازین ، لەهەمان کاتدا دەخوازین کە ئیدی ئەو ڕێکخراوانە بەرەو پێکهێنانی کۆنگرە و هەڵبژاردن بڕۆن. ئێمە دەخوازین کە چیتر کار بە نوێنەرایەتی حزبەکان لە نێو ئەو ڕێکخراوانەدا نەکرێ، با جووتیاران و کرێکاران مافی ئەوەیان هەبێ نوێنەرانی خۆیان هەڵبژێرن .

ئەگەر بڕیاروایە کۆمەڵگەی کوردەواری بەرەو دیموکراتیزەکردن هەنگاو بهاوێژێ، دەبێ حزبەکان بە زۆر نوێنەرانی خۆیان لە نێو ڕێکخراوەکان دانەنێن و مافی ئازادی هەڵبژاردن بە ئەندامانی ڕێکخراوەکان بسپێرنەوە. جووتیاران و کرێکارن لە ڕێگەی چڕکردنەوەی گوشارەکانی خۆیانەوە دەتوانن بەڕێوەبەرە پاوانخوازانەکانی ئەو ڕێکخراوانە ناچار بکەن کە کۆنگرە ببەستن و لەڕێگەی دەنگدانەوە نوێنەرەکانیان هەڵبژێرن. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە کە ئاسانکاری لەو بەستێنەدا بکات، بەڵام ڕەوشەکە پێچەوانەیە، حکومەتی هەرێم ناڕاستەوخۆ پشتیوانی لەو ڕێکخراوە پاوانخوازانە دەکات و خەڵکی ناچار دەکات کە ببن بە ئەندامی ئەو ڕێکخراوانە و ئابوونەیان پێبدەن، تەنانەت بەڕێوەبەرێتی کشتوکاڵ هاوکاری هیچ جووتیارێک ناکات ئەگەر ئەندامی یەکێتی جووتیارانی کوردستانی نەبێ ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە جووتیاران بە ناچارییەوە دەبێ خۆیان ناونووس بکەن و کۆمەکی یەکێتی جووتیاران بکەن، ئێمە خوازیارین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێوەبردنی کۆنگرەی ئازاد بە پێوەری تەرخانکردنی بودجە بۆ ڕێکخراوەکان لەبەرچاو بگیرێ و چیتر بەزۆر ناسنامەی ئەو ڕێکخراوانە لەباخەڵی کەس نەنێ .

**بەڵێ بۆ گۆڕان..**
**بەڵێ بۆ ئاشتی..**

**دەستەی کارگێڕی بەرەی گۆڕان**
**٢٠٠٦-١١-١٦**

# وەک خۆی



**کەی حکومەتی هەرێم کێشەی (٢٥) دیناری سویسری چارەسەر دەکات؟**

**وێنە: ئارام سدیق**